## ململانێی نێوان چین، ژاپۆن، کۆریای باشور، ڤێتنام و فیلیپین

# شەڕی ناسیۆنالیزم لە دەریای چین

ستیڤان کلاین ئالبراندت
لە فارسییەوە: نەجیبە ساڵح






پاش ململانێیەکی دوو مانگە لە نێوان کەشتیەکانی فیلیپین و چیندا، ئێستا ململانێکە کێشراوەتە ژاپۆن و دورگەکانی سنکاکو-دیاییۆوە. لە ناوەراستی ئۆکتۆبەردا، کاتێک کەشتیگەلی جەنگی ئەمریکا"یو ئێ ئێس جۆرج واشتۆن" خەریکی هێزنواندن بوو لە دەریای باشوری چین، هێزە دەریاوانیەکانی چین، چوونە ناو ناوچەیەکی جێناکۆکەکانەوە.

چەندین مانگە ململانێی خاوەندارێتی لە دەریای چین بەرەو توندبوونەوە دەچێت، لەمانگی ئاپریلی ساڵی (2012)دا هێزەکانی سەر بە گاردی کەناری ژاپۆن دەستیان بەسەر هەشت بەلەمی راوەماسی چینیدا گرت لە نزیک تاشەبەردە کەناریەکانی سکاربۆرۆدا، لەم دوو مانگە شایەتی رووبەڕووبوونەوەی کەشتیەکانی ئەو دوو وڵاتە بووین. لەمانگی حوزەیراندا، ڤێتنام ڕێسایەکی نوێی دەریاوانی راگەیاند، کە ناوچە

جێناکۆکەکانی دورگەی سپراتلیز و پاراسیلزیشی دەگرتەوە. چین بە ڕاگەیاندنی پلانەکانی وەبەرهێنانی داهاتوی خۆی لە یەکێک لە دورگە بایەرەکانی پاراسیلز وەلامی ڤێتنامی دایەوە. لە مانگی سیپتەمبەردا، سەرەی دورگەکانی سنکاکۆ (ناوی ژاپۆنیەکەی) یان دیایۆیۆ (ناوی چینیەکەی) گەیشت کە تەنگژەکانی توندتر کردەوە. لەبەرامبەر ڕاگەیاندنێکی ژاپۆندا بۆ کرینی دورگەیەکی چۆڵەوانی، بەیجین بە سزادانی ئابوری و خۆپیشاندانی دژە ژاپۆنی لەچەند شارێکی گەورەدا و بە ڕەوانەکردنی هێزە دەریاوانیەکانی بۆ ناوچە جێناکۆکەکان وەلامی ژاپۆنی دایەوە.

ئـەم پەرەسەندنی ململانێیە دەربــڕی سیاسەتی نوێی چین(چەسپاندنی کاردانەوەییە) کە هەموو دەرفەتەکانی ناوچەکە بۆ هێزنواندن بەکاردەهێنێت و دەیەوێت دۆخی ناوچەکە لە بەرژەوەندی خۆیدا بگۆڕێت و بەم کارە بە نیاز دوربگرێت لە سیاسەتی ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکان کە لە سەردەمی رابەری پێشوو (دنگ شیاوپینگ)دا لەکۆتاییەکانی دەیەی (1970)، کە لەسەر بنەمای ئاسانکردنەوەی دژواریەکان و ململانێکانی پەیوەندیدار بە خاوەنداریێتی پایەداربوو و هەوڵی دامەزراندنی پەیوەندی دۆستانەی دەدا لەگەڵ وڵاتانی دراوسێیدا. سیاسەتێک کە شیاوپینگ بە سیاسەتی(چەسپاندنی فەرمانڕەوایی خۆی، وەلانانی تێکهەڵچوونەکان و بەدواداچوونی گەشەپێدانی هاوبەشی) پێدەوت. لە ساڵی 2000دا ، وەزارەتی دەرەوەی چین بەمجۆرە پشتیوانی لەو ستراتیژە دەکرد: "کاتێک کە بارودۆخ بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی هەمیشەیی بۆ کێشەیەکی ناوچەیی لەبار نییە، گفتوگۆکردن لەسەر مەسەلەی دەسەڵاتداریێتی دەتوانرێت بۆ داهاتویەکی دورتر دابنرێت". سەرۆک هۆجین تاو بەخێرایی لەسەر ئەم بنەمایە تەئکیدی کردەوە: "وەلانانی ململانێکان و گرنگیدان بە گەشەپێدانی هاوبەش". بەلام ئەو دەربڕینانە لە کرداردا پێشێلکران.

دەریای باشوری چین، دەوڵەمەندە بە کانزای هایدرۆکاربۆن و ڕاوەماسی، ڕێـڕەوی پڕهاتوچۆترین ڕێگەی ئاوییە لە جیهاندا و چوار ڕیانێکە کە بەرژەوەندیەکانی چین، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و وڵاتانی باشوری خۆرهەلاتی ئاسیا، ڤێتنام، فیلیپین، مالیزیا و برۆنی تێیدا توشی لێکدان دەبـن. لەلایەن چینەوە، ژمارەیەک لە ڕۆڵگێڕانی سیاسی و ئابوری ململانێی ناوچەیەکانیان بۆ پێشخستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەکارهێناوە. پرسێک کە لە سەختبوونەوەی هەڵوێستەکانی حکومەتدا ڕۆڵی هەبووە. ژمارەیەک لەهۆکارە چینیەکان کە لە مەسەلەکانی دەریای باشوری چیندا ڕۆڵیان هەبووە"وەکو ئەو (9) ئەژدیهایەی کە لە دەریادا کەف دەتارێنن" مامەڵە دەکەن کە ڕیوایەتێکی ئەفسانەییە. لە ڕاستیدا زۆر و زەبەندی ئەم هۆکارانە لە ڕادەی ئەو بوونەوەرە ئەفسانەییانە ئەولاتر دەچێت. لەم نێوەندەدا هەم دەوڵەتە محەلیەکان بوونیان هەیە، هەم هێزە دەریاوانیەکان، وەزارەتی کشتوکاڵ، دامەزراوە حکومیەکان، هێزە چەکدارەکان، گومرک و وەزارەتی دەرەوە.

حکومەتەکانی ناوچە کەناریەکانی هاینان، گوانگ ژی و گوانگ دۆنگ بە دوای لابردنی ئەو کۆسپانەدان کە لەبەردەم بەرهەمهێنانی دامەزراوەکانیاندایە، کە سەرکەوتنیان گەرەنتییەکە بۆ مانەوەیان لە ناو دامودەزگا حکومیەکاندا. تا کاتێک ئەمانە وەفادار بن بە پارتی کۆمۆنیست، ئیمتیازێکی گەورەیان هەیە لەمەسەلە ناوچەیەکاندا. حەز و تامەزرۆیی بۆ ئاوێتەبوونێک لە سیاسەتی فراوانخوازی و سەربەخۆیی لە بریاردانی بەرپرسانی پارێزگاکاندا هاتوەتەئاراوە، بەم هۆیانەش ئەمانە ڕاوچیانی ماسی ناوچەکانی خۆیان هاندەدەن بەوەی کە هەژمونی خۆیان لە ناوچە جێناکۆکەکاندا فراوانتربکەن و بە ناچارکردنیان بە مۆدێرنکردنەوەی کەشتیەکانیان و تەیارکردنیان بەئامێرەکانی دەریاوانی لەڕێگەی مانگی دەستکردەوە. یەکەم کاری لەپێشینە پێدانی ئیمتیازی ڕاوە ماسیە بە گەورەترین کەشتیەکانی تایبەت بە ڕاو، ئەوەش هاندانێکی ترە لەم بوارەدا.

هەروەها حکومەتی خۆجێی پارێزگای هاینان، چەندینجار هەوڵیداوە سەرباری نارەزاییەکانی ڤێتنام کەرتی گەشتیاری لەدورگەکانی پاراسیلز گەشەپێبدات. پێدەچێت دراوی باوی بەرپرسانی خۆجێی لە پەیوەندیەکانیاندا لەگەڵ بەیجین بەمجۆرە بێت" یەکەم کردار، دواتر ئەندێشە". ئەم بەرپرسانە داشە پیادەکانی خۆیان لە مەیدانی ململانێی ئابوریدا تا ئەو جێگەیە بە بێ وەستان پێشدەخەن، کەحکومەتی ناوەندی ناوچاویان لێگرژ بکات.

لە هەمانکاتدا، ڕکابەری نێوان دوو هێزی گەورەی دەریایی وڵات – یەکەی دەوریەی دەریاوانی سەر بە وەزارەتی زەوی و سەرچاوەکان

و هێزی بەرگری لە پاساکانی راوە ماسی سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵ بووەتە هۆی زیادبوونی کەشتیەکانیان و هەلاتن بۆ پێشەوەیان لەناو ئاوە جێناکۆکەکاندا. بە ململانێکردن لە سەر یارمەتی و ئیمتیازەکانی ئەو وەزارەتخانانە ئەو دوو هێزە هەوڵدەدەن سنوری کردەکانی خۆیان پێش بخەن بۆ ئەوەی بودجەیەکی باشتریان بۆ تەرخانبکرێت. هەردوی ئەمانە، پشتیان بە مافە ناوچەیی و دەریاوانیەکان بەستوە کە بەشێکە لەستراتیژی ئیمتیازدانی ناوخۆیی. حکومەتی چینیش، لەلای خۆیەوە بەکارهێنانی بەرێوەبەرایەتی ناسەربازی لە بەرژەوەدی خۆیدا دەبینێت، چونکە لەمەترسی رووبەروونەوەی راستەوخۆی رزگاری دەبێت. زیاتر لەمە، دەوریەیەکی پۆلیس ئەگەرچی زیانێکی کەمتر لە کەشتیەکی جەنگی بەدواوە دەبێت، بەکارهێنانی بە شێوەیەکی بەرفراوان وەکو کەرەستەی سەپاندنی دەسەلاتی نیشتمانی، دەبێتە هۆی پەرەسەندنی رووداوەکان. بەلەمەکانی راوەماسیش زیاتر لە جاران ئەرکی ئالاهەلگری دەریاوانی وڵاتەکەیان گرتوەتە ئەستۆ و ئەگەری رووبەرووبوونەوەی مەترسیدار لەگەل کەشتیەکانی وڵاتانی دراوسێیان فراوانتر کردوە.

سەرباری بوونی بەرفراوان لە دەریای باشوری چین، هێزی دەریاوانی چین تا ئێستا رۆڵێکی پلە دووی گێراوە. لەئەگەری رووداني کێشەیەکدا، کەشتیە کەمکێش و خێراکانی ئەو بەجێدەمێنن یان درەنگ دەکەون بۆ ئەوەی ئیمکانی ئەوە بە بەرپرسانی سیاسی بدەن چاودێری و کۆنترۆڵی دۆخەکە بکەن. بەمەشەوە پتەوکردنەوە و مۆدێرنسازی، لە ناروونی و و ناشەفافبوونی تەواودا، سەرچاوەی ململانێکانە، چونکە وڵاتانی دیکە ناچار بە گەشەپێدانی هێزە دەریاوانیەکانیان دەکات.

بە پێی ئوسوڵ، ئەوە وەزارەتی دەرەوەیە کە پێویستە رۆڵی پەلە یەک بگرێتە ئەستۆ، لە راستیدا، (ئەم وەزارەتە) وەها توانایەکی نییە،

ژمارەیەک لە بەرپرسانی چینی، تۆکیۆ بە لقێکی ناوچەیی ئەمریکا لەقەڵەمدەدەن. ئەمانە دەڵێن: سیاسەتی دەرەکی ژاپۆن گوێرایەڵی ستراتیژیە ئاسیایەکانی ئەمریکایە کە لە سەر بنەمای لەمپەر خستنەسەر رێی پێشکەوتنەکانی دەسەلاتی نوێی چین دارێژراوە

چاودێرێکی پشتی پەردە لەبەیجین، وەها بە گاڵتەجاریەوە ئاماژە بە وەزیری دەرەوەی ئێستا یانگ ژی چی دەکات: " ئەو دەسەلاتەی کە هەیەتی زۆر کەمترە لە دای بینگۆیۆ کە یاریدەدەرێکی حکومەتی خۆجێیە". دۆخەکە لەو کاتەوە کە خاوەنانی راستەقینەی دەسەلاتی گشتی — وەزارەتەکانی بازرگانی، دارایی، و ئاسایشی حکومی و هەروەها لیژنەی نیشتمانی گەشە و چاکسازی — کۆلەکە سەرەکیەکانی سیاسەتی دەرەکیان بە دەستەوەیە ئاڵۆزتر بووە. بۆ وەزارەتی دەرەوە هەبوونی رۆڵی لاوەکی ئەوەندە جێی نیگەرانییە کە دەنگێکی زۆری بۆ هاندانی دیپلۆماسی چین بە گێرانی رۆل و بەرپرسیارێتیەکانی، گونجاو لەگەل هەژمونی ئابوری و ناوچەیی، کەوڵات ئەنجامی دەدات بەرزبووەتەوە.

حکومەت بە بەردەوامی هەوڵی بەکارهێنانی هەستی ناسیۆنالیستی خەڵکیداوە، بەلام ئەم گەمەیە دەتوانێت لەدژی خۆی بشکێتەوە. لەسەرتای ساڵی (2012) دا، کاتێک کە وەزارەتی دەرەوە ویستی بە شیکردنەوەی ئەوەی کە وڵات هیچ جۆرە داخوازیەک سەبارەت بە یەکپارچەیی دەریایی باشوری چینی نییە، دۆخەکە هێور بکاتەوە، هەنگاوەکەی نارەزایی رایگشتی لێکەوتەوە، کە لەچەند دەیەی رابردودا پێچەوانەی ئەم پرسەی دەرخواردی خەڵک دابوو. ژمارەیەکی زۆر لە بەرکارهێنەرانی ئینتەرنێت لەگەل بەرێوەبەرایەتی پارتی کۆمۆنیست پەیوەندیانکردو ئەوانیان بە خائینان و گەندەڵکارانێک کە " خوێن و ئارەقەی خەڵک بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاردەهێنن" و "بەرژەوەندی نیشتمانی چین دەفەوتێنن" تۆمەتبار کردوە. سەرکردەکانی وڵات نیگەرانی ئەوەن کە وەها تورە بوونێک ببێتە هۆی نائارامی و بشێوی و زیان بە ئارامی و جێگیری وڵات بگەیەنێت. لای خۆشیەوە، دەسەلاتیش هیچ گومانێکی لە کاردانەوەی توندا نابێت. رووداوەکانی مانگی نیسانی (2012) لە دەوروبەری سکاربۆرۆ دەربری ئەو راستیەیە. لەهەنگاوی یەکەمدا، فیلیپین بە رەوانەکردنی کەشتیەکی سەربازی کاردانەوەی بەرامبەر بە هەنگاوی راوچیانی ماسی چینی نیشاندا ، چینیش ئەو دۆخەی بەکارهێنا بۆ دوپاتکردنەوەی مافی خاوەندارێتی تاوێرە کەناریەکان و بە رەوانەکردنی کەشتیگەلێکی سەربای هاتنی راوچیانی ماسی فیلیپینی بۆ ناوچەکە قەدەغەکرد، بۆ هاوردەکردنی میوەی گرمیان لە فیلیپینەوە قەرەنتینە(بنکەی سنوری) و دامەزراوە گەشتیاریەکان بە ناچاری چالاکیەکانیان لە ناوچەکە راگرت. بە کۆنترۆڵکردنی تاوێرە کەناریەکانی سکاربۆرۆ و رێگرتن لە راوچیانی فیلیپین، دۆخەکە لە بەرژەوەندی چیندا شکایەوە.

### تۆکیۆی تۆمەتبار بە گوێرایەڵبوونی واشنتۆن

لەمانگی حوزەیرانیشدا کاتێک کە ڤێتنام یاسایەکی دەریاوانی پەسەندکرد و رێسایەکی نوێی بۆ کەشتیوانی لەدۆاوەکانی دورگەی سپراتیلز و پاراسیلزدا دەستنیشانکرد، هەیمەنەی خۆی نیشاندا. لە کاردانەوەیکی توندا، چین بە خێرایی پێکهێنانی ناوەندی

ئیداری سانشا و دانانی بنکەیەکی سەربازی ڕاگەیاند. بۆ قایمکاری، کۆمپانیای نەوتی کەنارە نیشتمانیەکانی چین دەستیکرد بەپێدانی ئیمتیاز بە مەبەستی سودی نەوتی لە (9)شوێنی ناوچە ئابوریەکانی ژێرکۆنترۆڵی ڤێتنام کە ناکۆک بوو لەگەڵ ئەو ئیمتیازانەی کە پێشتر هانۆی بە کۆمپانیای نەوتی ڤێتنامی دابوو.

هەوڵەکانی ڤێتنام و فیلیپین بۆ خستنەئەجێندای بەیاننامەیەک سەبارەت بەو تێکهەڵچوونانە. لە بەرنامەی چل و پێنجەمین دانیشتنی وەزارەتەکانی وڵاتانی باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا (ئەناس، بە زمانی ئینگلیزی ئاسیان) لە مانگی حوزەیرانی (2012)دا، بە هۆی دژایەتی کەمبۆدیاوە کە ڕێکخەری دانیشتنەکە بوو، بە ئەنجام نەگەیشت و بووە جێی ئەوپەری خۆشحاڵی بەیجین.

ناتوانرێت ئەو ستراتیژەی چین لە بەرچاو نەگیرێت، کە بە شێوەی جیاواز مامەڵە لەگەڵ هەر مەسەلەیەکدا دەکات و بە شێوەی جیاوازیش لە هەرکامەیاندا سەرکەوتو دەبێت.

هاوینی ئەمساڵ، لەکاتێکدا واپێدەچوو کە ململانێکانی دەریای باشوری چین گەیشتبووە لووتکە، قەیرانێکی تر لەمانگی سیپتەمبەردا، ئەمجار لەدەریای خۆرهەڵاتی چیندا سەریهەڵدا. حکومەتی ژاپۆن ڕایگەیاند کە سێ لەو پێنج دورگەیەی سنکاکۆ-دیایۆ کریوە کە تا ئەو کاتە بازرگانێکی گەورەی ژاپۆنی خاوەنی بوو. بەرپرسانی ژاپۆن کرینی ئەو دورگەیەیان بە ئیرادەیەک بۆ گسکدانی ژێرپێی حکومەتی ناسیۆنالیستی تۆکیۆ — کە بۆ دامەزراندنی حزبێک دەستیی لەکارکێشابووەوە — پاساوکرد. بە بۆچوونی ئەو بەرپرسانە، ئەو پرۆسەیە دەبێت بەر لەهەڵبژاردنی سەرۆکی نوێی چین، زی ژین پینگ ئەنجام بدرایەت"بۆ خۆیان بپارێزن لەزیلە لێدان لەبناگوێی ئەو لەکاتی چوونە سەر کورسی دەسەڵاتدا". بەیجین کاردانەوەیەکی توندی نیشاندا.

تەنانەت زیاتر لە حاڵەتەکەی دەریای باشوری چین، ناسیۆنالیزمی سەرچاوەگرتوو لە نەبوونی ڕێکەوتنی سنوری لەو بەشەی ئاسیادا دۆخێکی مەترسیداری پێکهێنا. بە هۆی دڵڕەقی ژاپۆنیەکان لە سەردەمی داگیرکاری چیندا، تێکهەڵچوونەکانی تایبەت بە دۆخی دورگەکانی سنکاکۆ-دیایۆ تورەبوونێکی زۆر زیاتر لەهەموو ململانێکانی دەریای باشوری پێکهێنا. هەروەها کاردانەوەکان لە کۆریای باشور لە دەریای باشوردا سەبارەت بە دورگەکانی تاکەشیما( بە ژاپۆنی) یان دووکەدوو( بە زمانی کۆری) زۆر توندبوو. زۆرێک لە ژاپۆنیەکان فراوانبوونی دەسەڵاتی (ئەژدیهای ) چینیان بە هەڕەشەیەک بۆ سەرخۆیان دەزانی و ترسی ئەوەیان هەیە کە ئەو پرسە سەروەری دەسەڵاتەکەیان بروشێنێت.

ئەگەر پێشتر حکومەتی چین سەرکەوتوبووایەت لەوەی کە بە جوڵاندنی هەستی ناسیۆنالیستی خەڵک بەرژەوەندیەکانی دابین بکردایەت، ئەمرۆ ئیتر ئەو توانایەی نەمابوو. پەیدابوونی تەکنۆلۆژیای زانیاری و هەواڵگری فەزایەکی نوێی بۆ هەستی ناسیۆنالیستی دژە ژاپۆنی کردوەتەوە و هێزێکی پێکهێناوە، کەدەتوانێت پایە و بنەماکانی دەسەڵات بجوڵێنێت. نامورادی ناسیۆنالیستی، کە لەم هەستەوە سەرچاوەی گرتوە کە حکومەت نەیتوانیووە لە بەرامبەر ژاپۆندا سەربەرز بێت، بە هەستێکی بێزراوی سەرچاوەگرتو لە گەندەڵی، نەبوونی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی و بەرزبوونەوەی لە رادەبەردەری نرخی موڵکەکان پەرەپێدەدات. زیاتر لەمەش، ئەوەی پێشوو، کە لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا هێزەکانی ژاپۆنی ڕووبەڕووی شکستکردەوە و بۆ دانانی هێڵێکی ئاشتی ڕەوا دێتەبەرچاو، کە بەشێوەیەک لەناو دەچێت. بەشێک لە دیپلۆماتەکانی ئێستا پێیانوایە کاتێک کە چین لە بواری ئابوریەوە لە ژاپۆن پێش بکەوێت، دوای ئەوە دەتوانێت هەر ئەم کارەش لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بکات، ئیتر نیگەرانیەکی ئەوتۆ بۆ لەجێی خۆن دانیشتنەوەیان بوونی نییە.

سەرەنجی ئەمانە زیاتر لە جاران رووی لە پەیوەندی نێوان ئەمریکا و چینە و زۆر کەمتر گرنگی بە پەیوەندی نێوان ژاپۆن وچین دەدەن.

ژمارەیەک لە بەرپرسانی چینی، تۆکیۆ بە لقێکی ناوچەیی ئەمریکا ئەمریکا لەقەڵەمدەدەن. ئەمانە دەڵێن: سیاسەتی دەرەکی ژاپۆن گوێرایەڵی ستراتیژیە ئاسیایەکانی ئەمریکایە کە لە سەر بنەمای لەمپەر خستنەسەر ڕێی پێشکەوتنەکانی دەسەڵاتی نوێی چین دارێژراوە.

تورەیی بەیجین لە بەرامبەر دەستپێخەری ژاپۆن سەبارەت بە دورگەکانی سنکاکۆ-دیایۆ سەرپۆشێکە کە بە شێوەی کاردانەوەی ئابور و مانۆڕی بەرفراوانی سەربازی بە بەکارهێنانی هێزی دەریاوانی و ئاسمانی و یەکەیەکی هەڵدانی موشەکی بالستیەکانی خۆی نواندوە، جگە لەمە، بەرپرسانی چین بە ڕەسمی دیاریکردنی هێڵێکی سنوری تێنەپەڕێنراویان بە دورگەکانی ژێر کۆنترۆڵی چیندا ڕاگەیاند. هێزی پۆلیسی دەوریە دەریایەکانی خۆیان رەوانەی ناوچەیەک کردوە کە تا ئێستاڵە ژێر کۆنترۆڵی گاردی کەناری ژاپۆندا بووە و ئەم پرسەش دەتوانێت ببێتە هۆی خولقاندنی گرفتێکی نوێ لە ناوچەکەدا.

بە پەرەسەندنی ناسیۆنالیزم، پێشبرکێی چەک و تەقەمەنی، نەبوونی ڕێبەرایەتیەکی ناوچەیی و تایبەتمەندی ناجێگیری گۆڕانکاری سیاسی مەترسی هەڵگیرسانی جەنگی لە دەریای باشوری چیندا هێناوەتە ئاراوە، مەترسیەک کە ئەوەندە گەورەیە دامەزراوە و میکانیزم و پرۆسەکانی ڕاگرتنی ئەم تێکهەڵچوونانەی لە چەند ساڵی ڕابردودا لاواز کردوە.

**سەرچاوە: لۆمۆند دیپلۆماتیک**